نوری مالیکی پەیامێکی بۆ هاوکردەوە

نوری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا پەیامێکی بۆ هاوکردەوە و رایگەیاند، عێراق توانای ئەوەی هەیە بۆ جێگیری بەرەو سەقامگیری و بنیاتنانەوە و چاکسازی هەنگاو بنێت.

 مالیکی ئەمڕۆ پێنجشەممە لە پەیامێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی "ئێکس" پیرۆزبایی مانگی رەمەزانی لە مسوڵمانانی عێراق کردوە و نوسیویەتی، "ئەمڕۆ پیرۆزبێت لە گەلی خۆشەویستی عێراقمان، لە خوای گەورە داواکارین ئەم مانگە پیرۆزە وەستگەیەک بێت بۆ بەهێزکردنی یەکیەتی نەتەوەیی و چەسپاندنی بەهاکانی هاودەنگی و پشتیوانی یەکتر لەنێوان هەموکاندا".

نوری مالیکی لە پەیامەکەیدا دەڵێت، "عێراق کە بە خوێنی شەهیدەکانی و قوربانیدانی هەموکانی بەسەر تیرۆردا سەرکەوت، توانای ئەوەی هەیە بۆ جێگیری بەرەو سەقامگیری و بنیاتنانەوە و چاکسازی هەنگاو بنێت، خوای گەورە عێراق و گەلەکەی بپارێزێت".